# شەشەم: ریالیزم

**١- ریالیزم و ئاسایشی نەتەوەیی**

ریالیزمی کلاسیک بەشێوەیەکی گشتی مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بڵاوبوونەوەی کتێبی *قەیرانی بیست ساڵەکەی* ئیدوار هاڵێت کاڕ لە ساڵی ١٩٣٩ دا، وەکو تیۆرێکی نوێ بۆ وەڵامدانەوەی ڕێبازەکانی لیبراڵیزم لە دوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە لە نێو بابەتی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان سەریهەڵدا. هەروەها کارەکانی جۆرج کینان و فرێدریک شومان و هانس مۆرگنتاو و کۆمەڵێکی دیکە بوونە هۆی تۆکمەکردنی تیۆری ریالیزم لەو سەردەمەدا. لە دوای ئیدوار کاڕ، کتێبی *سیاسەت لە نێوان نەتەوەکانی* هانس مۆرگنتاو بە یەکجاری ریالیزمی وەکو تیۆرێک و پارادیمێکی باوی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان ناساند. کە لە نێوان ساڵانی ١٩٤٨ تا ١٩٨٥ شەش چاپی لێ بڵاوبۆوە.

لە روانگەی ڕیالیزمی کلاسیکدا، لەبەرسروشتی خۆویست و شەڕانگێزی مرۆڤ، وڵاتەکان بەردەوام لە هەوڵی ململانێی بەدەستهێنانی هێزدان. سروشتی خۆویست و شەڕانگێزانەی مرۆڤ تەواوی شیکردنەوەکانی ریالیزمی کلاسیکی لە بابەتەکانی ئاسایش، هێز، جەنگ و بەرژەوەندی داگیرکردووە. سیاسەتی نێونەتەوەیی، لە روانگەی ریالیستە کلاسیکییەکانەوە، سروشتێکی خراپی هەیە، وە رووداوی نەخوازراو لەو نێوەندەدا رودەدەن چونکە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکان بەردەوام مەیلی ئەنجامدانی کاری نەشیاویان لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندی خۆیاندا هەیە.

ئەکتەری سەرەکی جیهانی سیاسەت لای ریالیستەکان *دەوڵەتە*. لە دوا بەدوای رێککەوتننامەی (ڤیستیبڤاڵیا)وە لە ١٦٤٨ دەوڵەت وەکو بەهێزترین ئەکتەری سیستەمی نێونەتەوەییەوە دەبینرا. وڵاتەکان بوونە پێوەری گەردوونی شەرعیەتی سیاسی لەگەڵ نەبوونی هیچ دەسەلاتێکی باڵاتر و سێنتراڵ بۆ رێکخستنی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ یەکدی. ئەوەش مانای ئەوەی گەیاند ئاسایش بوو بە ئەرکی سەرەکی و ئەولەویەتی وڵاتەکان. لەوکاتەوە وڵاتان پێیان وابوو هیچ جێگرەوەیەک بۆ پاراستنیان نییە لە جیهانی خۆژێندا (self-help)، جگە لە هەوڵی نەبڕاوەی بەهێزکردنی خۆیان (بەیلیس، ٢٠١١: ٢٥٦). وڵاتەکانیش وەکو یەکەیەکی یەکگرتوو و راشناڵ دەبینرێن. بابەتی بەرهەڕەشەی سەرەکی ئاسایش، ئاسایشی دەوڵەتە، بە تەنها. لە راستیدا، زۆرێک لە ریالیستەکان ناڵێن ئایدیای سەروەری دەوڵەت و سیستەمی دەوڵەتی تاکە فۆڕمی حوکمڕانییەتە لە سیاسەتی نێونەتەوەیی، بەڵکوو یەکێکە لە باشترین سیستەمەکانی حوکمڕانیەت و تا ئێستاش لە سیستەمێکی وەکو 'حکومەتی جیهانی' the global government واقیعیترە. واقیعیبوونیش بەشێکی گرینگیی ئەجێندای دروستکەرانی بڕیاری ئاسایشە.

روانینی ریالیستەکان بۆ ئاسایش لە دەرەنجامی ململانێی سیاسی بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی هاوچەرخ سەریهەڵدا، خاڵی سەرەکی سەرهەڵدانی ئەو روانینە ریالیستیانە بۆ ئاسایش خودی دەوڵەت نەبوو، بەڵکوو خاڵی سەرەکی نیگەرانی بوو لەسەرپێگەی توندوتیژی لە ژیانی سیاسی ق کۆمەڵایەتی و ئابووریدا، لە نێوان کۆمەڵگاکان و وە لە نێو خودی کۆمەڵگایەکیشدا. هەر لە مێژوودا، گوتوبێژی چۆنیەتی بەدەستهێنانی ئاسایشی نیشتیمانی بە باشترین شێوە جێگەی بایەخی ریالیستەکان بووە. هزرمەندەکانی وەکو ماکیاڤیلی و هۆبز خوێندنەوەیەکی رەشبینانەیان سەبارەت بە ئاسایشی نیشتیمانیەوە دروست کردبوو. جیهانی سیاسەت لە کاری زۆرێک لە ریالیستەکان وەکو ململانێیەکی نەبڕاوە و سەختی وڵاتەکان بۆ هەوڵی پاراستنی ئاسایشی خۆیان لەسەر حیسابی ئەوانی دیکە وێناکراوە. لەم ڕوانگەیەدا، ئەگەری ئەوە نییە ئاشتی هەمیشەیی یا هەر گۆڕانێکی ساختاری هیچ کاتێک بێتە دی. باشترین جێگرەوەی ململانێی هێز 'هاوسەنگی هێزە' بۆ رێگەگرتن لە تاکە هێزێکی هەژموون لە جیهاندا، وە لە ئاستی هەرێمیشدا. هەرچەند هەر لە لای هەندێک لە ریالیستەکانی هاوچەرخ (بەتایبەت ریالیستە هێرشبەرییەکان) پێشنیازی هەوڵی بەدەستهێنانی ئەوپەڕی هێز هەیە لە لایەن وڵاتەکانەوە، بە مانای بوون بە هەژموون. ئەو جیاوازییانە لە دەرەنجامی ئەو ئەزموون و مێژووە درێژەدا سەریهەڵداوە، کە ریالیزم لە هەر تیۆرێکی دیکە جیادەکاتەوە.

کارلێکەکانی نێوان وڵاتەکان لە سیستەمی نێونەتەوییدا وەکو سیاسەتی هێز (power politics) و ململانێ لەپێناو هێز پێناسە دەکرێت. مەبەست لە هێزیش، لە روانگەی ریالیستەکانەوە، هێزی مادییە. 'هێز دراوی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانە، زلهێزەکان، ئەکتەرە سەرەکییەکان لە ڕوانگەی ریالیزمەوە، زۆر گرینگیی بەوە دەدەن چەند هێزی سەربازی و ئابووریان هەیە لە پەیوەندییان بەوانی دیکەدا. بۆ ریالیستەکان پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان هاوواتایە لەگەڵ سیاسەتی هێز' (مێرشایمەر، ٢٠١٣: ٧٧).

روانینی رەشبینانەی ریالیستەکان لەسەر سروشتی مرۆڤ، ریالیستەکانی گەیاندە ئەو دەرەنجامەی وڵاتەکان لە دۆخێکدا بن ناتوانن متمانە بەیەکدی بکەن و ئامانجی باڵای هەموو وڵاتێکیش بریتی دەبێت لە 'مانەوە' (survival)، کە تەنها بە بەهێزکردنی لایەنی هێز و سەربازییەوە دەستەبەر دەبێت. لە لای ریالیستەکان، ئەوە سروشتی بەرژەوەندی خۆویستی مرۆڤە، دواجاریش رەفتاری وڵاتەکان رەنگدانەوەی ئەو سروشتەی مرۆڤ دەبێت، وای لە حکومەتی وڵاتەکان کردووە جیاکارییەک لە نێوان سیاسەتی 'باڵا' high لەگەڵ سیاسەتی 'نزم'دا low بکەن بۆ پاراستنی بەرژەوەندی و ئاسایشی نیشتیمانی خۆیان. لەگەڵ ئەوەی ریالیزم بەوە جیادەکرێتەوە کە بەردەوام هەوڵی تێگەیشتنی ئاسایش دەدا لە روانگەیەکی 'زانستی' و 'بابەتەکی'یەوە، بەڵام رۆڵی دەوڵەتداریەتی و دروستکردنی بڕیاریان پشتگوێ نەخستووە لە

**هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەی ئاسایشی نیشتیمانیدا. هانس مۆرگنتاو (١٩٤٨) باس لە دەوڵەتداری دەکات و ئاماژە بەوە دەدات پیادەی سیاسەت دەبێت هاوڕێ بێت لەگەڵ شەش بنەمای سیاسی ریالیزم. ئەوانیش بریتین لە:**

- **سیاسەت لەلایەن کۆمەڵێک ڕێسای بابەتەکییەوە بەڕێوەدەچێت کە لە سروشتی مرۆڤەوە سەرچاوەیان گرتووە.**
- **خاڵی سەرەکی تێگەیشتن لە سیاسەتی نێونەتەوەیی بریتییە لە چەمکی بەرژەوەندی کە پێناسە دەکرێت لە میانەی هێزەوە.**
- **سروشت و شێوازی دەسەڵات و هێزی وڵات بەپێی کات، شوێن و بەستێن دەگۆڕێت، بەڵام چەمکی بەرژەوەندی بە بەردەوامی و نەگۆڕی دەمێنێتەوە.**
- **پرەنسیپە مۆراڵییە گەردوونییەکان رەفتاری ولاتەکان دیاری ناکەن، وە ئەمەش نابێتە هۆی نکۆڵی کردن لە گرینگیی ئاگایی لە رۆڵی مۆراڵ لە هەرکردارێکی سیاسیدا.**
- **خواستە مۆراڵییەکان تایبەتمەندن بۆ چەند کردارێکی دیاریکراو، بەڵام هیچ ستاندارێکی گەردوونی لەسەرپرەنسیپە مۆراڵییەکان بوونی نییە.**
- **مەجالی سیاسی سەربەخۆیە: مانای ئەوە دەگەیەنێت پرسیاری سەرەکی لە سیستەمی نێونەتەوەییدا بریتییە لەوەی چۆن سیاسەت کاریگەری لەسەرهێزی نەتەوەیەک دەکات؟**

**هانس مۆرگنتاو ململانێی هێزوەکو شتێکی حەتمی وگەردوونی لە کات و شوێندا دەبینێت، هەروەها وەکو هەقیقەتێکی نکۆڵی لێنەکراو. بە بێ گوێدانە هەل و مەرجە سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان، وڵاتەکان لەسەربەدەستهێنانی هێزناکۆک دەبن و بەگژیەکدیدا دەچن.**

> ***"لەگەڵ ئەوەی هەندێک لە ئەنترۆپۆلۆجیستەکان پێیان وایە مرۆڤی سەرەتایی بەشێوەیەک دەردەکەوێت کە هیچ خواستێکیان بۆهێزنەبوو بێت، بەڵام هیچ یەکێک نەهاتووە شێوازی بیرکردنەوەی ژیانی ئەوان لەسەر ئاستی جیهانی بۆ نەهێشتنی ململانێی هێز لە سیستەمی نێونەتەوەیی دووبارە دروست بکاتەوە. سیاسەتی نێونەتەوەیی، وەکو هەموو سیاسەتەکان ململانێیەکە لە پێناو هێز. ئامانجی باڵای سیاسەتی نێونەتەوەیی هەرچییەک بێت، هێزهەمیشە ئامانجی یەکەمە" (١٩٧٣ ، ٢٩).***

## بەرژەوەندی نەتەوەیی

بیرۆکەی پاراستنی بەرژەوەندی نەتەوەیی لە سیاسەتی دەرەوە ببووە یەکێک لە بابەتە سەرەکییەکانی ریالیستەکان و گەشەکردنی تیۆری ریالیزم لە ساڵەکانی دوای جەنگی جیهانی دووەم. 'بەرژەوەندی نەتەوەیی' لە لای ریالیستەکانەوە، کار لەسەر ئەو ئایدیایە دەکات کە حکومەتەکان پێویستە کارەکانیان بە گوێرەی بەرژوەندی گشتی خەڵکی خۆیان ئەنجام بدەن و تەنانەت ئەگەرئەوکارانە دژو ناکۆک بن لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی وڵات و خەڵکانی دیکەوە (هاوگ، ٢٠٠٤:٣). لەگەڵ ئەمەشدا، ئەم بیرۆکەیە هەموو جار بە ئاراستەی ئەو ئامانجەدا نەڕۆیشتووە، بەڵکوو زۆرجار سیاسەتمەدارەکان گوتاری بەرژەوەندی نەتەوەییان وەکو پاساوێک بۆ سیاسەتەکانیان بەکارهێناوە، بەتایبەت کاتێک وەکوو سیاسەتێکی 'بێ ئاکار و نابەجێ' دەردەکەوێت. لای مۆرگنتاو جەوهەری بەرژەوەندی نەتەوەیی خۆی لە پاراستنی یەکپارچەیی و یەکگرتوویی خاک، دامەزراوە سیاسی و کلتورییەکانی وڵاتدا دەبینێتەوە (مۆرگنتاو، ١٩٨٢: ٩٧٣) . باشترین ڕێگا بۆپاراستی ئەوبەرژەوەندییە نەتەوەییە لە جیهانێکدا کە هەموو وڵاتەکان خەریکی پاراستنی بەرژەوەندی تایبەتی خۆیانن، لە ڕێگای بەهێزکردنی هێزی سەربازی و ئابووریی وڵاتەوە دێتە دی، ئەمە هەڵبژاردنێک نییە دەوڵەت دەبێت لەدەرەنجامدا هەڵیبژێرێت، بەڵکوو تاکە رێگەی واقیعی و دروستی ژیانی سیاسەتە (لە ڕوانگەی ریالیستەکانەوە).

نائامادەیی 'ئاکار' لە گریمانە ریالیستەکانی بەرژەوەندی نەتەوەیی، ریالیستەکانی رووبەڕووی رەخنەی زۆرکردەوە بەتایبەت لە لایەن ئەوانەی پێیان وابوو ئاکار چۆن لەسەر سیاسەتی ناوەخۆدا جێبەجێ دەبێت بەهەمان شێوە لەسەرسیاسەتی دەرەوەشدا دەبێت جێبەجێ ببێت. هەروەها رووبەڕووی ئەو رەخنەیەش بوونەوە کە زۆرجار دەسەڵات لە ژێر ناوی بەرژەوەندی نەتەوەیی هەوڵی بەلابردنی ئاسایشی وڵات دەدات (هاوگ، ٢٠٠٤: ٣). سەرەڕای ئەوەش، ستراتیژیەتی ئاسایشی نیشتیمانی زۆربەی وڵاتەکان لە موماڕەسەدا بریتییە لە جیاکردنەوەی ئاسایش و بەرژەوەندی نەتەوەیی لەگەڵ پرسە مۆڕاڵییەکان، بەڵام جیاکردنەوەیەکی زۆر روون نا. زۆرجاریش دەوڵەتەکان دەست بە بنەما مۆڕاڵییەکان دەگرن ئەویش هەربە مەبەستی پاراستنی ئاسایش و بەرژەوەندی نەتەوەیی، بە تایبەت لە پرسێکی وەکو دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتان لە ژێربنەمای بیرۆکەی 'دەستێوەردانی مرۆیی' (humanitarian intervention).

لەڕاستیدا، ئەو گریمانەیەی کە پێیوایە ئاسایشی وڵات بە تەنها لە ڕێگای زیادکردنی هێزی دەوڵەتەوە بەدیدەهێندرێت گریمانەیەکی کێشەئامێزە، چونکە هەموو وڵاتەکان بە پێی هۆکارە جیۆپۆلەتیکییە جیاوازەکان لەهەمان کاتدا ناتوانن بەدوای ئەو گریمانەیەدا بڕۆن. بە پێی ئەو لۆژیکە بێت هەوڵی بەردەوامی وڵاتەکان بۆ بەهێزکردنی خۆیان و گەرەنتیکردنی مانەوە و ئاسایشی خۆیان، وڵاتەکان ناچار دەبن هەوڵی بەدەستهێنانی زۆرترین هێز بدەن بۆ ئەوەی لەدەست هەڕەشە و هێرشە سەربازییەکانی وڵاتانی دیکەوە پارێزراوبن. لەبەرامبەردا، ئەوزیادکردنی هێزی سەربازییە لە لایەن وڵاتێکەوە دەبێتە هۆی ئەوەی وڵاتانی دیکە ئەو کارە وەکو هەرەشە لەسەر ئاسایشی خۆیان لێک بدەنەوە یا جێگەی نیگەرانی و نائارامییان بێت. رەنگە وڵاتی A هەست بکات ئەوزیادکردنی هێزە لەلایەن وڵاتی B لەسەر حیسابی ئاسایشی ئەو بووە، ئەو حاڵەتە لە نووسیاری (ئەدەبیات) لێکۆڵینەوەکانی ئاسایشدا بە تەنگژەی ئاسایش یا بە *کێشەی دووسەرەی ئاسایش* (security dilemma) ناسراوە. چەمکی کێشەی دووسەرەی ئاسایش یەکەم جار لە لایەن (جۆن هێرز)ەوە هێنرایە نێو ئەدەبیاتی ئاسایش و پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان، لە نووسینێکدا بە ناوی (Idealist Internationalism and the Security Dilemma) لە ساڵی ١٩٥٠. هێرز دەنووسێت:

"لە هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی ئاسایش لە بەرامبەر هێرشی ئەوانی دیکەوە، وڵاتەکان هاندەدرێن بە دوای بەدەستهێنانی هێز و هێزی زیاتر لە پێناو رزگاربوون لە دەست کاریگەری هێزی ئەوانی دیکەوە بڕۆن. ئەمەش، لە بەرامبەردا، وا لە ئەوانی دیکە دەکات زیاتر ناپارێزراوبن و ناچاریان بکات خۆیان بۆ خراپترین دۆخ ئامادە بکەن. لەوکاتەی هیچ یەکێک هەست بە پارێزراوی ناکات لە جیهانێک کە پڕە لە رکابەرایەتی ئەکتەر و یەکە جیاوازەکان، رکابەری هێزی بەدواوە دێت، وە هەروەها خولانەوەیەکی داخراوی ئاسایش و هەوڵی کۆکردنەوەی هێز" (١٩٥٠:١٥٧).

لە ژینگەیەکی خۆژین و خۆبەڕێوەبەری وەکو سیستەمی نێونەتەوەیی، وڵاتەکان ڕووبەڕووی 'نادڵنیاییەکی بێ چارە' دەبنەوە، ترسیان لە ئامادەباشییە سەربازییەکانی وڵاتانی دیکەوە دەبێت. پرسیاریان لە لا دروست دەبێت ئایا خۆئامادەکردنە سەربازییەکانیان تەنها بۆ بەرگریکردنە لە خۆیان؟ یاخود بەشێکە لە پلانی هێرشکردن و دەستدرێژییان؟ لەبەرئەوەی نادڵنیایی هیچ چارەیەکی خودکاری نییە، وڵاتەکان ئەگەری زۆریان هەیە هیچ متمانە بە یەکدی نەکەن، وە لە بەرامبەردا، ئەگەر هاتوو ئەو بێ متمانەییە دوولایەنە بوو، ئەوە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی هاوکێشەی کار-کاردانەوە کە ترسی لایەنەکان لە یەکدی دەباتە ئاستێکی مەترسیدارەوە (بەیلیس، ٢٠١١: ٢٥٧-٢٥٨).

کیشەی دووسەرەی ئاسایش، لە ڕوانگەی ڕیالیستەکان، دەکرێت لە ڕێگای باوەڕبوون و کارکردن بە '*هاوسەنگی هێز*' کەمبکرێتەوە. لە سیستەمی نێونەتەوەیی ئەنارکیدا، هاوسەنگی هێز دەبێتە هۆی دابینکردنی جۆرێک لە سەقامگیری لە ڕێگای هەبوونی بەرژەوەندی دوولایەنەکان لە نێوان زلهێزەکانی سیستەمی نێونەتەوەییەوە، کە پاڵیان پێوە دەنێت پێکەوە کاربکەن و دەست بە هەل ومەرجەکانی دۆخی هەنووکەییەوە بگرن. ڕیالیسەکان لە نێوان خۆیاندا بۆچوونی جیاوازیان هەیە. زۆرجار ئەو جیاوازییانە بە جیاوازی نێوان ڕیالیزمی کلاسیک و نیوریالیزم یا لە نێوان ڕیالیزمی بەرگریکردن و ڕیالیزمی هێرشکردن دادەنرێت. ڕیالیستە کلاسیکییەکان لە دیارترینیان مۆرگنتاو، پێیان وایە وڵاتەکان وەکو مرۆڤەکان خۆویستن و هەوڵی کۆنترۆڵکردنی یەکدی دەدەن، ئەمەش هۆکاری حەتمی بوونی هەڵگیرسانی جەنگە لە هەموو قۆناغەکاندا. لەو ڕوانگەیەدا، خودی هێزی دەوڵەت دەبێتە 'ئامانج'، خودی ئاسایشی دەوڵەت دەبێتە ئاسایشی نیشتیمانی. لەگەڵ ئەوەش، هەموو ڕیالیستەکان لەسەر ئەوە کۆک نین سیاسەتی هێزی وڵاتان لە دەرەنجامی خەسڵەتی خۆویستی مرۆڤەوە سەری هەڵدابێت، هەندێکیان پێیان وایە ئەوە دەرەنجامی ساختاری سیستەمی نێونەتەوەییە کە 'ئەنارکییە' وای لە وڵاتەکان کردووە پەنا بۆ سیاسەتی هێز ببەن، وە هەندێک لە ڕیالیستەکان پێیان وایە هێز بریتییە لە 'ئامراز' نەوەک خودی ئامانجی دەوڵەت. لە گرینگترین جیاوازییەکانیش، گریمانەی نیوڕیالیستەکانە، هەروەها لە نێو نیوڕیالیستەکانیش زیاتر لە بۆچوونێک هەیە. لە خوارەوە گرنگترین ئەو جیاوازییانە خراونەتە ڕوو.

## ٢- نیوریالیزم(ڕیالیزمی پێکهاتەیی-بونیادی-ساختاری) و ئاسایشی نەتەوەیی

لە دوای ساڵی ١٩٧٠ەوە، بیرکردنەوە و بۆچوونی نوێ لە نێو تیۆری ڕیالیزمدا سەریهەڵدا، کە وەکو پیداچوونەیەک و ڕەخنەیەک بوو لە ڕیالیزمی کلاسیک، زۆرجار ئەو شەپۆلە نوێیە بە 'نیوریالیزم' یا 'ڕیالیزمی ساختاری' دەناسرێن. دیارترین سکۆلار و زانای ئەو قۆناغە کینز واڵتز بوو، لە کتێبی *تیۆری سیاسەتی نێونەتەوەیی* لە ساڵی ١٩٧٩ ڤێرژنێکی نوێی ڕیالیزمی لە خوێندنی ئاسایش و پەیوەندییە نێونەتەوەییەکاندا هێنایە ئاراوە. لای واڵتز، ساختاری سیستەمی نێونەتەوەیی (نەوەک سروشتی مرۆڤ کە ڕیالیستە کلاسیکییەکان باوەڕیان وایە) ڕەفتاری وڵاتەکان لە سیستەمی نێونەتەوەییدا دیاری دەکات، وە خەسڵەتی سەرەکی ئەو سیستەمەش بریتییە لە *ئەنارکی*. وڵاتانیش لەو سیستەمەدا بەردەوام خۆیان لە ململانێ ورکابەرییەکی ئاسایشی بێ کۆتایی دەبیننەوە (واڵتز، ١٩٧٩).

نیۆریالیستەکان باوەڕیان وایە بەرێژەیەکی زۆر ڕەفتاری وڵاتەکان بە ساختاری ماددی سیستەمی نێونەتەوەییەوە گرێدراوە. جیاوازی و دابەشبوونی توانا ماددییەکان لە نێوان وڵاتەکان خاڵی سەرەکییە بۆ تێگەیشتن لە جیهانی سیاسەت. بەهۆی ساختاری ماددی سیستەمی نێونەتەوەییەوە پێشبڕکێی ئاسایش لە نێوان هێزە گەورەکان حەتمی دەبێت. "تاکەکان ئازادن لە هەڵبژاردنی گوتارە ناریالیستییەکان، بەڵام لە دواجاردا، سیستەمەکە پاڵ بە وڵاتەکانەوە دەنێت بە گوێرەی ڕێسا ریالیستی و واقیعییەکانەوە ڕەفتار بکەن، یا بەرگەی هەڕەشەی لەناوچوون بگرن" (مێرشایمەر، ١٩٩٥: ١). پرسیاری سەرەکی لە لای نیوریالیستەکان بریتییە لەوەی چۆن وڵاتەکان دەتوانن ئاسایشی خۆیان بپارێزن لە نێو خودی ژینگەیەکی ئەنارکی، وە لە نائامادەیی هیچ دەسەڵاتێکی سێنتراڵ و باڵا. لەم هەل و مەرجەدا دەوڵەت دەبێت توانای پاراستنی ئاسایشی خۆی هەبێت لە دەست هێرش و هەڕەشە دەرەکییەکان. لەبەرئەوە وڵاتەکان بەهای زۆر بە 'هێز' دەدەن لەپاڵ بنەماکانی دیکەی وڵات وەکو 'یەکپارچەیی خاکی وڵات' و'سەروەری'. لە پاڵ ئەمەشدا توانا ئابوورییەکان سەرچاوەیەکی هێزی زۆربە دەوڵەت دەبەخشن لە بنیاتنانی توانا سەربازییەکان، وە دەرخستنی توانای وڵاتەکان بۆ چوونە نێو جەنگێکی درێژخایەن ئەگەرپێویست بوو بۆ پاراستنی ئاسایشی وڵات.

کینز واڵتز (١٩٧٩) پێیوایە وڵاتەکان بۆ پاراستنی ئاسایشی خۆیان دوو بژاردەیان لەبەردەمدا دەبێت: (١) لە ڕێگای هاوسەنگی دەرەوە، بەمەبەستی گرێدانی هاوپەیمانیەتی و سوود وەرگرتن لە توانا سەربازی و ماددییەکانی وڵاتەکانی دیکەوە. (٢) لە ڕێگای هاوسەنگی ناوەخۆ، ئەویش لە ڕێگای زیادکردنی توانا سەربازی و ئابوورییەکانی ناوەخۆی وڵات. واڵتز بە پێچەوانەی 'ریالیزمی هێرشکردن' پێیوایە وڵاتەکان بەردەوام خەریکی زیادکردنی هێزیان نین چونکە ئەگەری زۆر هەیە وڵاتەکان لەو هەوڵانەیاندا شکست بهێنن، ئەمە لەبەرئەوە نییە واڵتز پێیوابێت هێزی زۆرئامانجێکی خوازراونەبێت بەڵکوو واڵتز ترسی لە کاردانەوەی وڵاتەکانی دیکە هەیە کە ڕەنگە ببێتە هۆی گونجاونەبوونی سیاسەتی زیادکردنی هێز لە هەموو کاتێک و قۆناغێکدا. لەبەر ئەوە هێز لە ڕوانگەی نیوریالیزم ئامرازە، نەوەک ئامانج، ئامرازە بۆ پاراستنی ئاسایش (گلاسێر، ٢٠١٣: ١٩). ئەمەش یەکێکە لەو خاڵانەی کە نیوریالیزم لە ریالیزمی کلاسیک جیادەکاتەوە.

بەوشێوەیە، ململانێی نێوان وڵاتەکان لە سیستەمی نێونەتەوەیی ئەنارکیدا ململانێیەکی حەتمییە جا بە هۆکاری سروشتی مرۆڤ یا سروشتی سیستەمی نێونەتەوەییەوە بێت. بۆ نیوریالیستەکان، ناسنامەی ئەکتەرەکان و بەرژەوەندییەکانیان لەلایەن ساختاری ئەنارکی سیستەمی نێونەتەوەییەوە دەستنیشان دەکرێت. فاکتەرە هزرییەکان و هەروەها ناسنامەی کەسی ئەکتەرەکان گرینگییەکی

ئەوتۆیان نییە لە کارلێکە سیاسییەکانی نێوان ئەکتەرەکان. گۆڕانی گەورە لە سیستەمی نێونەتەوەییدا دیار نییە، هەروەها 'گۆڕان' تەنها لە دەرەنجامی گۆڕانی پێگەی دابەشبوونی سەرچاوەکانی هێزی ئابووریی و سەربازییەوە لە نێوان ئەکتەرەکان دروست دەبێت (لیگرۆ، ١٩٩٩؛ جەیمس، ٢٠٠٢؛ بروچیلی، ٢٠٠٩). ئەو رەتکردنەوەی رۆڵی ناسنامە و فاکتەرە هزرییەکان رەنگە دەرەنجامی ئەورێبازدۆزییە بێت ریالیستەکان کاری لەسەردەکەن؛ کە رێبازدۆزییەکی پۆزەتیڤیستییە. وەکو پێشترئاماژەمان پێدا پۆزەتیڤیستەکان کارلەسەرئەوبابەتانە دەکەن کە تەنها دەکرێت بپێورێن و ئەزموون بکرێن.

لە روانگەی جۆن مێرشایمەردا (٢٠٠١: ٣٠-٣٢)، بنەما سەرەکییەکانی نیوریالیزم بریتین لە:

١. سیستەمی نێونەتەوەیی سیستەمێکی ئەنارکییە. ئەو ئەنارکییە بە مانای بێ سەرووبەری ناهێت، بەڵکوو بە مانای نەبوونی هیچ دەسەڵاتێکی سێنتڕاڵ و باڵا بۆ رێکخستنی پەیوەندی نێوان وڵاتەکان لەو سیستەمەدا.

٢. ئەو وڵاتانەی سەروەری خۆیان دەپارێزن هەوڵی بەرەوپێشبردنی توانا سەربازییەکانی هێرشکردن دەدەن بۆ بەرگریکردن لە ئاسایشی خۆیان.

٣. نادڵنیایی لە جیهانی سیاسەتدا بووەتە هۆی نەبوونی متمانە لە نێوان وڵاتەکان. وڵاتەکان هەرگیز لە نیەتی یەکدی دڵنیا نین، لەبەرئەوە بەردەوام دەبێ ئامادە بن بۆ هەموو ئەگەرێک.

٤. وڵاتەکان دەیانەوێ سەربەخۆیی و سەروەری خۆیان بپارێزن. لە ئاکامی ئەوەدا، مانەوە تاکە دینامیکی رەفتاری وڵاتەکان دەبێت.

٥. هەرچەند وڵاتەکان عاقڵمەند وراشناڵیستن، بەڵام زۆرجار شوێنێک بۆ هەڵەلێکدانەوە هەیە. لە جیهانێکدا کە هیچ کەس زانیاری تەواوی لا نییە، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی زۆرجار بڕیار و کارەکانی وڵاتان بەڕاستی لەگەڵ بەرژەوەندی نەتەوەیی خۆیاندا یەکنەگرێتەوە (مێرشایمەر، ٢٠٠١: ٣٠-٣٢).

یەکێکی دیکە لە روانینە هەرە دیارەکانی نیوریالیزم سەبارەت بە ئاسایشی نێونەتەوەیی پەیوەندی هەیە بە گرینگی نەدان بە رۆڵی رێکخراو و دامەزراوە نێونەتەوەییەکان. نیوریالیستەکان رۆڵی رێکخراو و دامەزراوە نێونەتەوەییەکان زۆر لە رێگرتن لە جەنگ و ناکۆکییەکان و یەکلاکردنەوەی ململانێکان بە گرینگ یا وەکو فاکتەرێکی یەکلاکەرەوە نازانن. دامەزراوە نێونەتەوەییەکان وەکو بەرهەمی بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتان دەبینرێن، وە هەروەها وەکو ئەو رێبەستانەی کە خودی سیستەمی

نێونەتەوەیی دروستی کردوون. ئەوە خودی ئەو بەرژوەندی و ڕێبەستانەیە وا لە وڵاتەکان دەکات هەماهەنگی بکەن یا کێبڕکێ، نەوەک ئەو دامەزراوانەی کە ئەندامن تیایدا. وڵاتە بەهێزەکانیش دامەزراوە نێونەتەوەییەکان دروست دەکەن، کۆنترۆڵ و سەرکردایەتی دەکەن بە مەبەستی پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان، هەروەها بۆ کەمکردنەوەی ئاستی ئەو نادڵنیاییە بەربڵاوەی کە تەواوی پانتای سیاسەتی نێونەتەوەیی داگیرکردووە (مێرشایمەر، ١٩٩٤).

زۆرجار گوتوبێژی نێوان نیوریالیستەکان لەگەڵ نیولیبڕالەکان (بڕوانە باسی دووەمی ئەو بابەتە) بە گوتوبێژی نێوان ئەوانەی پێیانوایە وڵاتەکان بە دوای قازانجە ڕێژەییەکانەوەن (relative gains)، لەگەڵ ئەوانەی پێیانوایە وڵاتان بەدوای قازانجە رەهاکانن (absolute gains)، دەناسرێتەوە دەناسرێتەوە. بە گوێرەی زۆرێک لە نیوریالیستەکان، بنەمای هەماهەنگی و پێکەوە کارکردنی لیبرالیزم سنورداره، چونکە بەردەوام وڵاتەکان جەخت دەکەنە سەر 'قازانجە ڕێژەییەکان'، نەوەک 'قازانجە رەهاکان'. لەجێگەی پێکەوەکارکردن کە دەبێتە هۆی قازانجی هەموو بەشداربووان، وڵاتەکان هەمیشە دەبێت ئاگاداری ئەوە بن کە تاچەند سودمەند دەبن لەو هەماهەنگی و پێکەوەکارکردنانە بە بەراورد بە وڵاتانی دیکەوە. لەبەرئەوەی هەموو وڵاتەکان دەیانەوێت زۆرترین قازانج بەدەست بهێنن لە ژینگەیەکی نێونەتەوەیی کێبڕکێ، نارۆشن و نامتمانەدا، لەبەر ئەوە پێکەوەکارکردن زۆر بە زەحمەت بەدەست دەهێندرێت و بەزەحمەتیش دەپارێزرێت، بەڵام لە نێوان خودی نیوریالیستەکاندا جیاوازی زۆر هەیە، هەموویان لەگەڵ ئەوەدا نین کە وڵاتەکان بە هیچ شێوەیەک ناتوانن بچنە نێو هەماهەنگی و پێکەوەکارکردنەوە. بۆ نمونە چارلس گلاسێر(١٩٩٤-٥:٥١) پێیوایە کۆمەڵێک هەل و مەرج هەن وای لە رکابەرەکان کردووە ئاسایشی خۆیان لە ڕێگای پێکەوەکارکردنەوە بەدەست بهێنن، نەوەک لە ڕێگای کێبڕکێوە. بەو شێوەیە ئاسایش وەکو حاڵەتێکی مەرجدار دەردەکەوێت، وزۆرجاروا لە وڵاتان دەکات پەنا بۆ پێکەوەکارکردن ببەن.

## ٣- ریالیزمی هێرشبەرانە و ریالیزمی بەرگریکارانە

گوتوبێژێکی دیکە لە نێوان نەرێتەکانی ریالیزم، کە دەچێتە نێو چوارچێوەی نیوریالیزمەوە، گوتوبێژی نێوان ریالیزمی بەرگریکردن (defensive realism) و ریالیزمی هێرشکردنە (offensive realism). قسەکردن لەسەر 'مانەوە' یا 'کۆنترۆڵکردن'، پاراستنی 'دۆخی هەنووکەیی' یا 'گۆڕان' و 'دەستپێشخەری'، لە سەرەکیترین گوتوبێژەکانی نێوان ریالیزمی بەرگریکردن و ریالیزمی هێرشکردنە. گریمانەکانی 'ریالیزمی بەرگریکردن' لەگەڵ چەند گریمانەیەکی نیوریالیزمدا هاوبەشە. ریالیزمی

بەرگریکردن بەهەمان شێوەی نیوریالیزم پێیوایە ئامانجی دەسەڵات لە بەدەستهێنانی هێز پاراستنی ئاسایشی خۆیەتی لە سیستەمی نێونەتەوەییدا. هەڕەشە سەرەکییەکانی سەر ئاسایشی وڵات ئەو هەڕەشانەن کە لە لایەن وڵاتانی دیکەوە سەرهەڵدەدەن (گلاسێر، ٢٠١٣). سێ خاڵی جیاواز لە نێوان ریالیزمی بەرگریکردن لەگەڵ نیوریالیزمدا هەیە:

(١) نیوریالیزم پشت بە ماکرۆفاوەندەیشنی (macrofoundations) جۆراوجۆر لە روونکردنەوەی رەفتاری دەوڵەتدا دەبەستێت، ریالیزمی بەرگریکردن پشت بە تیۆری عەقلانیەت دەبەستێت.

(٢) ریالیزمی بەرگریکردن هاوسەنگی بەرگری-هێرش زیاد دەکات وەکو فاکتەرووابەستەیەک، باس لە کاریگەری تەکنەلۆژیای هاوچەرخ و هەل و مەرجە جیۆپۆلێتیکییەکان دەکات کە وڵاتەکان دەخاتە دۆخێکەوە زیاتر پەنا بۆ بەرگریکردن لە خۆیان ببەن، نەوەک هێرشکردن.

(٣) تێکەڵکردنی هاوکێشەی هێرش-بەرگری لەگەڵ تیۆری عەقلانیەت بە لای بەرگریکردندا دەشکێتەوە.

بۆیە ریالیزمی بەرگریکردن پێشنیازی کارکردنی وڵاتەکان لەسەر دەست پێوەگرتنی هەل و مەرجەکانی ئێستا و دۆخی هەنووکەیی دەکات لە جێگەی دەستپێشخەری بەردەوام، وە پێشنیاز دەکات وڵاتەکان تا ئەوڕادەیە بە دوای هێزدا بگەڕێن کە پێویستە، نەوەک هێزێکی بێ سنوور. چونکە هەوڵدان بۆ بوون بە وڵاتی هەژمون بووەتە هۆی دروستکردنی کێشەی دووسەرەی ئاسایش، کە ئەگەری وەڵامدانەوەی وڵاتانی دیکەی لێ دەکەوێتەوە. هەروەک مایکل ماستاندونۆ (١٩٩١: ٧٩) پێیوایە 'ریالیستەکان چاوەڕوانی ئەوە لە دەوڵەت-نەتەوەکان دەکەن کە دەرفەتەکانی بەردەم بەرامبەرەکانیان دووربخەنەوە، بەڵام نەوەک بەردەوام پێویستی بە فراوانکردنی ئەو هەل و دەرفەتانە بێت کە لەبەرژەوەندی خۆیاندایە'.

ستیڤان واڵت (٢٠٠٠، ٢٠٠-٢٠١)، یەکێکە لە دیارترین ریالیستە بەرگریکارەکان پێیوایە لە دۆخی ئەنارکیدا، وڵاتەکان هەوڵی پێکهێنانی هاوپەیمانیەتی دەدەن لەو کاتەی هاوسەنگی هێز دەبێتە هۆی مسۆگەرکردنی سەقامگیری، وڵاتەکان کار لەسەر پاراستنی هاوسەنگی هێز دەکەن، نەوەک بەدەستهێنانی هێزێکی بێ کۆتایی.

لە جیهانی هاوسەنگی هێزدا، سیاسەتێک کە خۆگری و نەرم و نیانی لەخۆگرتبێت باشترینە بۆ پاراستنی هاوسەنگی لە سیستەمی نێونەتەوەییدا. ماتیۆ ڕێنداڵ (٢٠٠٦) چوار قەیرانی گەورەی ئەوروپا لە نێوان ساڵانی ١٨١٤ و١٨٤٨ بە نموونە دەهێنێتەوە بۆ سەلماندنی ئەوەی کە هاوسەنگی هێز ئامانجی

وڵاتەکانە. لەسەر ئەو چوار بۆنەیەدا وڵاتە بەهێزەکان بڕیاریانداوە نەچنە جەنگەوە، لەگەڵ ئەوەی هەژموونی یەکێک لەو وڵاتانە لەدەرەنجامدا ڕەنگە دروست ببێتن.

گوتوبێژێکی دیکەی ڕیالیزمی بەرگریکردن پەیوەندی بە بەها و ئەرک و نرخی بوون بە هەژموون (hegemon) هەیە. ڕاستە وڵاتەکان هەوڵی بە دواداچوونی هەموو دەرفەتێک بۆ فراوانکردنی دەسەڵاتی خۆیان دەدەن، بەڵام هەوڵ نادەن بین بە وڵاتێکی هەژموون بە هەر نرخێک بێت، چونکە ڕەنگە توانای ڕاگرتنی ئەو دۆخەیان نەبێت. نرخ یا باج یەکێکە لەو بابەتانەی ڕیالیستە بەرگریکارەکان لە میکانیزمی بەدواداچوونی بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتدا ئەولەویەتی پێدەدەن.

لە چوارچێوەی ئەو لۆژیکەدا، شیکردنەوە بۆ هەژموونی وڵاتی چین دەکرێت لە جیهاندا، سەرکردایەتی چین بە ڕەسمی دەریاننەخستووە کە ئامانجی بوون بە هێزی باڵای ژمارە یەکیان لە جیهان هەیە، وە بۆ ساڵانێکی زۆر خۆشیان دوورگرتووە لەوەی وەکو ڕکابەرێکی ئەمریکا دەربکەون، چونکە نرخی بوون بە وڵاتی هەژموون زۆر بەرزە، هەموو وڵاتێک توانای هەڵگرتنی ئەو بەرپرسیاریەتییەی نییە، لەبەرئەوە بۆ پاراستنی پێگە و هێزی خۆیان زیاتر بەرەو دۆخی بەرگریکردن لە خۆیان دەڕۆن، نەوەک بە شێوەیەک دەربکەون کە ئامانجیان هێرش کردن و فراوانخوازییە.

لەگەڵ ئەوەش، ڕیالیزمی بەرگریکردن ڕووبەڕووی ڕەخنەی پشت گوێخستنی ڕۆڵی فاکتەرە ناوەخۆییەکان لە شیکردنەوەی ڕەفتاری وڵاتان دەبێتەوە. ڕەخنەی ئەوەشیان لێ دەگیرێت کە هەر هەوڵێکی وڵات بۆ بەرگریکردن لە ئاسایشی خۆی، وەکو هەڕەشەیەک لەسەر ئاسایشی وڵاتێکی دیکە لێک دەدرێتەوە، وە هەوڵی وڵاتان بۆ دەست پێوەگرتنی دۆخی هەنووکەیی زۆر ناڕۆشنە. زۆرجار ئەو هەوڵانە بەزەحمەت جیادەکرێنەوە لەگەڵ ئەو هەوڵانەی بۆ دەستپێشخەری و ئەنجامدانی گۆڕانکارین.

"ڕیالیزمی هێرشکردن" نارازین لەگەڵ گریمانەکانی "ڕیالیزمی بەرگریکردن" سەبارەت بە هەوڵی بەدەستهێنانی ڕێژەیەکی دیاریکراو و سنوورداری هێز لە لایەن وڵاتەکانەوە. "ڕیالیزمی هێرشکردن" پێیوایە خەسڵەتەکانی سیستەمی نێونەتەوەیی وڵاتانی ناچارکردووە بەشێوەیەکی توندوتیژانە ڕەفتار بکەن، بەتایبەت ئەو وڵاتانەی ڕووبەڕووی دۆخی نادڵنیایی دەبنەوە، ناچار دەبن هەموو هێزێکیان لە دژی یەکدی بەکاربهێنن. بەمشێوەیە وڵاتان بۆ پاراستنی ئاسایشی خۆیان دەبێت هەوڵی بەدەستهێنانی زۆرترین هێز بدەن، کە دەکرێت بەدەست بهێندرێت (ئێلمان، ٢٠٠٤).

'ئەو بەدواداچوونە بێوەچانەی هێز مانای ئەوە دەگەیەنێت زلهێزەکان بەدوای دەرفەتێکدا دەگەڕێن بۆ گۆڕینی چۆنیەتی دابەشبوونی هێزی جیهانی لە بەرژەوەندی خۆیان. ئەوان ئەو دەرفەتانە

دەقۆزنەوە ئەگەر توانای پێویستیان هەبوو بۆ قۆستنەوەیان' (مێرشایمەر، ٢٠٠١: ٣). ریالیزمی هێرشکردن پێیوایە وڵاتان رووبەڕووی نادڵنیاییەکی رەها لە مەبەست و نیەتی وڵاتەکانی دیکە دەبنەوە. لەبەر ئەوە وڵاتەکان بەردەوام دەربارەی هەنگاوی دواتری وڵاتەکانی دیکە دەبێت پێشبینی خراپترین سیناریۆ بکەن. وڵاتەکان لە جێگەی هاوپەیمانیەتی سەربازی و ئابووریەوە دەبێت بە دوای پشت بەست بە خۆیاندا بچن؛ لە رووی ئابووری و سەربازییەوە. مێرشایمەر دەنووسێت:

*'لە سیاسەتی نێونەتەوەییدا، خودا یارمەتی ئەوانە دەدات کە یارمەتی خۆیان دەدەن. ئەم جەختکردنە لەسەر پشتبەست بە خود، رێگە لە دەوڵەتەکان ناگرێت هاوپەیمانیەتییەک پێک بهێنن، بەڵام هاوپەیمانیەتییەکان تەنها بریتین هاوسەرگیرییەکی کاتی (زەواجی موتعە): هاوبەشێکی هاوپەیمانیەتی ئەمڕۆ رەنگە دوژمنی بەیانی بێت، دوژمنی ئەمڕۆش رەنگە هاوبەشێکی هاوپەیمانییەتی بەیانی بێت' (مێرشایمەر، ٢٠٠١: ٣٣).*

راستە هێز ئامرازە، ئامانج نییە، بەڵام زیادکردنی هێز باشترین رێگایە بۆ مانەوە و ئاسایشی وڵات. هەروەها ریالیزمی هێرشکردن گومانی لە کارایی رێککەوتننامەکان و هاوپەیمانیەتییەکانی هاوسەنگی هێز هەیە، لەبەر ئەوەی زیادکردنی هێز بە باشتر لە رێککەوتنێک یا هاوپەیمانیەتییەک لەسەرراگرتنی هاوسەنگی هێز دەزانن (گلاسێر، ٢٠١٣: ٢٠).

بەهەمان شێوەی "جۆن مێرشایمەر"، "فەرید زەکەریا" پێیوایە بۆ وڵات تاکە چارەسەری کێشەی نادڵنیایی هەمیشەیی (perpetual uncertainty) لە ژیانی نێونەتەوەیی کۆنترۆڵکردنی بارودۆخ و گۆڕانکارییەکانە لە رێگای فراوانکردنی بێوەچان و پاراستنی بەرژەوەندییە سیاسییەکانی خۆی لە جیهانی دەرەوەدا (١٩٩٨: ٢٠). لەبەرئەوە، بەردەوام ململانێی هێز دەمێنێتەوە، چونکە هیچ کات هێزە گەورەکان دڵنیا نابن لە ئاسایشی خۆیان. ئەوپەڕی ئاسایش تەنها ئەو کاتە دێتە دی کە دەبێت بە بەهێزترین وڵات لە سیستەمی نێونەتەوەییدا، وە دووەم باشترین شت، لە دوای بەهێزترین وەڵاتی دونیا، ئەوەیە ببیت بە بەهێزترین وڵات لە سەر ئاستی هەرێمایەتیدا. بەم شێوەیە، 'هەوڵی بەدەستهێنانی هێز تەنها کاتێک دەوەستێت کە هەژموونییەت دەستەبەر ببوو' (مێرشایمەر، ٢٠٠١: ٣٤).

ئەوگریمانانەی ریالیزمی هێرشکردن، جۆرێک لە توانای پێشبینیکردنی بە وڵاتەکان بەخشیوە. یەکەی شیکردنەوەی ریالیزمی هێرشکردن "وڵاتە زلهێزەکانن". لەگەڵ ئەمەشدا، "مێرشایمەر" جیاوازی لە نێوان هێزە گەورەکان بەپێی کیشوەر و هەرێمە جیاوازەکانەوە دەکات. ریالیزمی هێرشکردن

ڕوونکردنەوەیەکی ساختاری لەسەر جەنگی زلهێزەکان پێشکەش دەکات. لە سیستەمی دوو جەمسەریدا جەنگی هێزە گەورەکان ئەگەرێکی کەم بۆ ڕوودانیان هەیە، بەڵام لە سیستەمی فرە جەمسەریدا، چونکە وڵاتەکان هەوڵی فراوانخوازی و هەژمونی دەدەن، جەنگی نێوانیان ئەگەری زۆرتری هەیە (مێرشایمەر، ٢٠٠١: ٣٣٦). لە ئێستادا، لە کارە هەرە دیارەکانی ریالیزمی هێرشکردن، پێشبینیکردنی داهاتووی چینە، پێیان وایە ئەوگەشەسەندنەی وڵاتی چین لە سەرئاستی جیهان و هەرێمایەتیدا بە ئاشتیانە ڕوونادات، یا نابێت بە ئاشتییانە ڕووبدات.

لەڕاستیدا، ئەو دۆخە بەرگریکارییەی کە ریالیزمی بەرگریکردن پێشنیازی دەکات، لە بوونی چەند ئەکتەر و وڵاتێکی فراوانخواز بە زەحمەت سەقامگیر دەبێت. لەبەرامبەریشدا، هەروەها گریمانەی ریالیزمی هێرشکردن بەوەی وڵاتەکان هەموویان خەریکی فراوانکردنی هەژموونیانن کێشەئامێزە، چونکە ئەوکات دەبێتە 'شەڕی هەموان دژی هەموان' وئەودۆخی رکابەرییە کۆتایی پێناهێت ورێگە لە دروستبوونی هاوپەیمانیەتی ستراتیژی درێژخایەن دەگرێت کە پێویستە بۆپاراستنی ئاسایشی جیهانی وهەرێمایەتی، مێژوولە زۆرقۆناغیدا پێچەوانەی گریمانەکانی ریالیزمی هێرشکردنی سەلماندووە.

لە ڕاستیدا، بۆئەوەی ریالیزم بە باشترین شێوە خزمەتی دروستکەرانی بڕیاروسیاسەت بکات، دەبێت هەردوو گریمانە بە شێوەیەکی هاوسەنگ لە خۆ بگرێت، بەو مانەیەی کە وڵاتان دەبێت توانای بەرگریکردن لە خۆیان هەبێت و ئەو دۆخە بە ئەولەویەتی ژمارە یەک بزانن، بەڵام هەندێک دەرفەت هەیە تەنها پەیوەندی بە قۆناغێکی زەمەنی یا ڕووداوێکی دیاریکراوە هەیە، و دەبێت بقۆزرێتەوە. بە نموونە، پەیوەندی نێوان ئێران و تورکیا بۆ چەندین دەیە لەسەر بنەمای هاوسەنگی هێز و دەستتێوەرنەدان (non-interference) دارێژراوە، بەڵام ڕووداوەکانی بەهاری عەرەبی و بە تایبەت جەنگی سوریا، وای لە هەردوو وڵات کرد لە نیەتەکانی یەکدی دڵنیا نەبن، بە شێوەیەک لە شێوەکان هەوڵی قۆستنەوەی دەرفەتەکان بدەن، لەدەرەنجامدا بەرژەوەندییەکانیان ڕووبەڕووی یەکدی وەستانەوە، بەڵام ئەوەی تا ئێستا ڕێگری کردووە لە هەڵگیرسانی جەنگ وپێکدادانی سەخت لە نێوان ئەو دوو وڵاتەدا، پابەندبوونی ئەو دوو وڵاتەیە بە هاوسەنگی هێز و هەروەها ڕێککەوتنیانە لەسەر ئەوەی هەندێک جار ناتوانن ڕێکبکەون. ئەو نموونەیە ڕەنگە باشترین نموونەی هاوسەنگی ڕاگرتنی نێوان ریالیزمی بەرگریکردن و هێرشکردن بێت.

## دەرەنجام

ریالیزم دەبێت ببێتە بەشێک لە ئامرازەکانی شیکردنەوە بۆ هەمووان، بەڵام ئەگەرریالیزم ببێتە تاکە تیۆر بۆ خوێندنەوەی پرسەکانی ئاسایش، بەڕاستی دەبێتە هۆی کەم توانایی ئێمە لە تێگەیشتنی

هەموو پرسەکانی ئاسایش. ریالیستەکان زۆرجار رووبەڕووی رەخنەی 'سادەیی بوون' دەبنەوە لەسەر تێگەیشتنیان بۆ رەفتاری وڵاتان لە پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان. زیاتر بەدوای گریمانەکانیانەوە وێڵن، وە گریمانەکانیشیان مەرج نییە هەقیقەتەکانی جیهانی سیاسەت بن. ئەنارکی، خۆویستی و دابەشبوونی توانا مادییەکان ناتوانن تەواوی کێشەکانی ئاسایش روون بکەنەوە (لەوانە پیسبوونی ژینگە و قەیرانی ناسنامە و قەیرانی کۆچبەری)، هەروەک رۆڵی فاکتەرە نامادییەکانیان لە شیکردنەوەکانیاندا پشت گوێ خستووە.

خاڵی سەرەکی بریتییە لەوەی چۆن، لە چی بابەتێک و هەروەها بۆ چی مەبەستێک ریالیزم یارمەتیدەر دەبێت بۆ تێگەیشتن و نواندنی کردار لە جیهانی سیاسەتدا. بە کورتی، ریالیزم کەمتر لەوەی ریالیستەکان بانگەشەی بۆ دەکەن دەتوانێت خوێندنەوە بۆ رووداوەکانی جیهانی سیاسەت بکات، بەڵام لەهەمانکاتیش، زیاتر لە وەی تیۆرەکانی دیکە بانگەشەی بۆ دەکەن دەتوانێت یارمەتیدەر بێت لە تێگەیشتنی رەفتاری ئەکتەرەکان لە سیستەمی نێونەتەوەیی.

رەخنەیەکی دیکە، ئەوەیە کە نیوریالیزم کەمتوانایە لە پێشبینی کردنی چۆنیەتی رووودانی گۆڕانی ساختاری لە سیستەمی نێونەتەوەییدا. هەروەک نیوریالیستەکان نەیانتوانی پێشبینی کۆتایی هاتنی جەنگی سارد بکەن بە شێوەیەکی ئاشتییانە، چونکە پێشبینی گۆڕانی ساختاری سیستەمی نێونەتەوەیی پێویستی بە قوڵبوونەوە هەیە لە تێگەیشتنی بابەتەکانی سەرووی سیستەمی دەوڵەتییەوە.

نیوریالیزم زۆرجار رەخنەی ئەوەی لێدەگیرێت کە بنەمای تیۆرییان گوزارشتە لە کەمبەخشین parsimony لە شیکردنەوەی پرسە ئاڵۆزەکانی ئاسایشی وڵاتان. جیهانی ریالیزم جیهانێکە لەسەر بنەمای هاوڕێ/دوژمن دروستبووە. هەروەک مێرشایمەر (٢٠٠١: ٣١) دەنوسێت 'لەدوای هەموو شتێک، بۆ هەرگەردنێک، دوو دەست هەیە بۆ ئەوەی بیخنکێنێت'. لەو روانگەیەدا، لێکۆڵینەوەکانی ئاسایش کورتکراوەتەوە بۆ پەیوەندی، کێشە و ململانێی نێوان هێزە گەورەکان، پاساو دەهێندرێتەوە بۆ دەست پێوەرگرتن بە بونیاد و سیستەمە بەرکار و بەرجەستەکان.

چونکە یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی ریالیزم دەوڵەت-سەنتەرییە state-centric؛ دەوڵەت وەکو یەکەی شیکردنەوە، بۆیە لە ژێر رۆشنایی ریالیزمدا، ئاسایشی بابەتی بەرهەڕەشەکانی دەرەوەی دەوڵەت، وەکو ئاسایشی تاک، ئاسایشی ژینگە نەوەک هەر ئەولەویەت وەرناگرن، بەڵکو لە پێناو پاراستنی ئاسایشی وڵات و سیستەم و رژێم، رەنگە لە کاتێک و قۆناغێکدا بە هەڕەشە لەسەر ئاسایشی دەوڵەت دابندرێن، بە نموونە رەخنەکانی دۆناڵد ترەمپ لەسەر ئیدارەکانی پێشوو لەسەر ئەوەی

پابەندبوون بە کۆمەڵێک رێسا و رێککەوتننامەی ژینگە زیانی بە ئاسایشی ئابووری و بەرژەوەندی خەڵکی ئەمریکا گەیاندووە. لێرەدا، پرسیاری سەرەکی بۆ ریالیستەکان ئەوەیە چۆن وڵاتەکان دەتوانن ئاسایشی بابەتی بەرهەڕەشەکانی دیکەی ئاسایش، لە سەردەمێکدا کە ناکرێت وەکو پرسێکی ئاسایشی نیشتیمانی سەیرنەکرێن، لەگەڵ ئاسایشی دەوڵەت بەیەکەوە بگونجێندرێن، کاتێک رووبەڕووی یەکدی دەوەستنەوە؟